
ئەتەنتیك: بەشار ئەسەد پشتوخانی تۆمەكەیدا خۆی بە یارییە دیجیتاڵییەكان سەرقاڵ كردوە



گۆڤارێكی ئەمریكی ئاشكرایدەكات، بەشار ئەسەد، سەرۆك كۆماری پێشوی سوریا، پێشنیارەكانی هاوكاری هاوپەیمانەكانی پشتگوێخستوە و لەو ڕۆژانی كۆتایی پشتوخانی تۆمەكەیدا خۆی بە یارییە دیجیتاڵییەكانی مۆبایلەكەیەوە سەرقاڵ كردوە.

بەگوێرەی گۆڤاری ئەتەنتیك باویكردەوە، ڕۆبەرت وۆرس كە لەگەڵ ئەفسەران و میوانە ئاساییەكانی كۆشكی سەرۆكایەتی لە دیمەشق قسەی كردوە، "بەشار ئەسەد هیچ هەوڵێكی نەداوە بۆ باشتركردنی دۆخی وڵات یان پاراستنی دەسەڵاتەكەی، سەرەڕای ئەوەی پێشنیاری هاوكاری لەلایەن ڕوسیا و توركیا و ئێرانەوە پێگەیشتوە".

گۆڤارەكە ئاماژەی بەوەشكردوە، چەند وڵاتێك هاوكارییان پێشكەش كرد، بەڵام ئەسەد ڕەتیكردەوە، تەنانەت چەند ڕۆژێك پێش ڕوخانی دەسەڵاتەكەی وەزیرانی دەرەوە لەچەند وڵاتێكەوە پەیوەندییان پێوەكرد بۆئەوەی ڕێككەوتن ئەنجامبدات، بەڵام سەرۆكی پێشوی سوریا وەڵامی هیچكام لە پەیوەندیەكانی نەدایەوە، گۆڤارەكە ئەگەری ئەوەی هەڵتناكاتەوە كە هەنگە ئەسەد "تۆپە" بوبێت لە بیرۆكەی ئەوەی كە دەبێت

دەستبەردارى دەسەڵات بێت.

بەگوێرەى سەرچاوەكان، "ئەسەد تەنانەت وەڵامى پەیوەندییەكانیشى نەداوەتەوە، پێى باشتربوە لەكاتێكدا كە وڵات بەرە خراپترین قەیرانى خێیدا تێدەپەڕێت، بەڵكو مەبایلەكەیەوە یارى بكات".

ڕێبەرت وترس لەڕ زارى ئەندامێكى ئەو كەسەى لەڕ دواین كاتژمێرەكانیدا یاوەرى ئەسەد بوە، دەڵێت، "سەرۆكى پێشو تا دوا سات بەردەوام دڵنیایى درێینەى بەڕ هەموان دەدا و بانگەشەى ئەوەى دەكرد، هێزەكانى لایەنگرى لەڕ باشورەوەڕ دێن بڕ بەرگریكردن لەڕ دیمەشق".